
# د.عەبدوڵڵا پەشێوی شاعیری نەتەوەیی لە کۆڕە شیعرێکدا لە هۆڵەندا

ساسان دەروێش – هۆڵەندا



مێژوو باس لە کەسانێک دەکات کە دڵسۆزو خەبات کاربوون بەرامبەر میللەت و خاکەکەیان وەیان تێکۆشاون لە پێناوی نەهێشتنی چەوساندنەوە وزوڵم و زۆرداری وەیان هێنانەکایەی کاری جوان وخزمەت گوزاری و ئاسودەکردنی مرۆڤایەتی ، لەگەڵ ئەوەشدا ڕەحم بە هیچ کەسێکی ناپاک وخائین ناکات کە لەسەنگەری دوژمندابن بەرامبەرگەلی خۆیان وەیان کۆسپ بن لە بەردەم شنەی دیموکراسی وپاراستنی مافی مرۆڤ ، لەومێژووەپاک وبێگەردەی نەتەوەی کوردی لەت وپەت کراو خەبات کار لەپێناوی بەدەست هێنانی خۆری ئازادی وسەربەخۆی ناوی مرۆڤێک هەڵکەنراوە بەوێنەی مۆمێک کزکز دەسوتێ ورۆشنایی دەبەخشێتە گیانی دەوروبەرەکەی بە شیعرە پڕ لە هەڵوێست و نەبەردەکانی بوونەتە مەشخەڵی دەستی ولەپێناوی بیری سەربەخۆیی وهەرچیشی نووسیوە هەرلەبەررۆشنای ئەوهزروبیرەدا بووەو بۆ تە متمانەیەکی گەورەی خەڵک ئەویش د.عەبدوڵڵا پەشێوە کە زیاتر لە چل ساڵە بێ باکانە ئەنوسێ بێ ئەوەی گوێ بداتە بەرژەوەندیە باڵا کانی خۆی وئاسودەکردنی ماڵ ومنداڵی ، ئەمرۆڤە سەرورپیش سپیە نانووسێ بۆ ئەوەی بژێوی ژیان دەستەبەر بکات بەڵکو هەندێک جاریش ژیانی خۆی خستۆتە باجی شیعرەکانی لە پێناوی بەدەست هێنانی ئەسەرمایە گەورەیەیی کەمیللەتەکەیەتی وهەمووباش دەزانین کە هۆڵەکانی کۆڕوکۆبوونەوەکان چەندچۆڵن ، بەڵام پەشێو بەچوونی وخوێندنەوەی شێعرێکی چەند ڕازاوە و جوان وپڕ دەنوێنن نموونەش کۆڕەکانی ئەم دوایەی کوردستان وکۆڕی هۆڵەندای شایەت حاڵن .ئەم شاعیرە بوێروئازاوچاو نەترسە خاوەنی چەندین بەرهەمی بە پێزە لەوانە ، دوازدەوانە ، شەونیەخەوتتان پێوەنەبینم ، شەونامەی شاعیرێکی تینوو ، ڕۆژنییە لێتان تورەنەبم ، پتی شکاو ، براکوژی ، بروسکەچاندن ، ماچ ، لەدەستم دێ .

لە سەرەتای ساڵی 2006 بۆ یەکەم جارە کە پەشێوی شاعیر لە دوای سەردانێکی درێژی بۆ کوردستان و ئامادەکردنی کۆی شیعرەکانی لە دوو دیواندا خستە بەردەستی ئاشقانی پەیڤی کوردی .

یەکەمیان (پشت لە نەواو ڕوولەکرێوە )کە شیعری ساڵانی 1965- 1979ی تێدایە ، دووەمیان( هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا )کە شیعری ساڵانی 1980-2005 ی تێدایە .بەرگی یەکەمی دیوانی پەشێو 496 لاپەڕەیەوبەرگی دووەمیش 512 لاپەڕەیە .شاعیر ئەم کۆ بەرهەمەی خۆی بەتەنیا سەرچاوەدادەنێ بۆ بەرهەمەکانی خۆی .شا یانی باسە ، پەشێو لە بەرکوڵی پشت لە نەواو ڕوو لە کرێوە دا دەڵێ :- بیست ساڵ زیاترە لە کوردستان بە گشتی ولە رۆژهەڵاتی نیشتیمان بە تایبەتی دیوانەکانم بێ پرسی من چاپ دەکرێن ، لەوچاپە بێتموودو پڕ هەڵە و پەڵانە دا بەروبوومی چل ساڵی ژیانم شێوێنراوە، شیعرە جگەر گۆشەکانم لە بەر چاوی زەقی دەسەڵاتی خۆیی وبێگانەدا لە سەرشەقامەکان بە سەربراوی کەوتوون .

پێم خۆشەجارێکی تریش هەمووخۆشەویستانم ئاگاداربکەمەوە کە ئەو دیوانانەی بێ ئاگاداری من چاپکراون دەستیان تێوەردراوە بۆ خوێندنەوەولێکۆڵینەوە ناشێن .

ئەوەی بەمن کراوەباوەڕناکەم بە درێژای مێژووی چاپەمەنی بە نووسەرێکی تری زیندووکرابێ ، شێواندنی بە ئەنقەستی بەرهەمەکانم وچاونووقاندنی لایەنە پەیوەندیدارەکان هەوڵی کوشتنمە کوشتنێکی بێدەنگ و لەسەر خۆدانی پێدادەنێم تاوانباران ئامانجی خۆیان پێکاوە هۆی سەرەکی تێکچوونی تەندروستیم لەسالآنی دواییدا ئەتککردنی جگەرگۆشەکانمە تاکە شتێک جێی ئومێدبێ ئەوەیە خەمخۆرانی پەیڤی کوردی و هەموو ئەوانەی رێزیان هەیەبۆ قەڵەمی خاکی وکەم بڕشتم ئەو دیوانە شەقوشڕانە بە تایبەتی دیوانی دکتۆر عەبدوڵڵا پەشێو بسووتێنن وئەوکەسانەش تفباران بکەن کە چاپیان کردوون یا بڵاویان دەکەنەوە.

بۆڕێزلێ نان وگەورەی ئەم بلیمەتەی نەتەوەی کورد و هەڵوێستی نەگۆڕی وپشت لەدەستەڵاتی گەندەڵ و رووله خەڵکی هەژاری نیشتیمانه سوتماکەکەی .

رۆژی شەممە رێکەوتی 13 /5/ 2006 سەنتەری کلتوری کوردی نەورۆز لە شاری لایدنی هۆڵەندا، بە ئامادە بوونی بەشێک لە رەوەندی کورد لە کەسایەتی ناسراو و سیاسی ناو پارتە کوردیەکان و رۆشنبیر و نووسەر و هونەرمەندان کۆڕێکی شیعریان بۆ د.عەبدوڵڵا پەشێوسازکرد کە هەشتی شەودەستی پێکردودەونیوی شەو کۆتایی هات .



سەرەتا لە لایەن بەرێز رێبواری مەلا رووف سەرپەرشتیاری کۆڕەکە و سەنتەری نەورۆز بەخێر هاتنی ئامادە بووانی کرد کە بە چ گروتین وخۆشەویستیەکەوە لە هەمووشاروشارۆچکەکانی هۆڵەندا وە بە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کورد لە هۆڵەندا روویان لە هۆڵەکە کرد بۆگوێ بیستنی شیعرە پڕ لە ئامێزەکانی شاعیری نەتەوەی د.عەبدوڵڵا پەشێو . دواتر لەلایەن تیپی موزیکی نامۆ کە سەر بە سەنتەری نەورۆزە وبە سەرپەرشتی هونەرمەند ومامۆستا نامدار قەرەداغی ، پێش دەستپێکردنی کۆڕەکە لەووتەیەکی کورتی مامۆستا نامداردا ،سێ بەرهەمی هونەری قوتابیانی تیپی قوتابخانەی نامۆیی پێشکەش بەشاعیری پایەبڵند عەبدوڵڵا پەشێو کرد . لەوانەش ژەنینی ئاوازی سروودی ئەی رەقیب وبەشداری کردنی تاڤان نامداروڤیوا شادمان بە سرود و گۆرانیەک لەوانە بە تەنها جێم مەهێڵن کۆڕەکەیان بە گروتین ترکرد، دواتر عەبدوڵڵاپەشێو بە خوێندنەوەی کۆمەڵێک لە شیعرەکانی وهەڵبژاردنی لە شیعری دڵداری وسیاسی وکارەسات وڕووداوەکانی کوردستان درێژەی بە کۆڕەکە دەدا لەگەڵ خوێندنەوە و تەواوبوونی شیعرێک ماوەیەک چەپڵە رێزانیان دەکرد،شیعرەکانیش هەڵبژاردەی شیعرەکۆنەکان وشیعری نوێش بوون لەوانە لەسەرکارەسات وڕووداوی یەکی شوباتی هەولێر ، لەم نێوەندەشدا ، هونەرمەند حسین رەهبەر لە ووتەیەکی شیرین وپڕ لە وەسفی جوانی شاعیروشیعرەکانی وهەڵوێستی شۆڕشگێرانەی عەبدوڵڵا پەشێوی کرد کە بووە مایەی دڵ خۆش کردنی شاعیر ، لە دوای پشوویەک کۆمەڵێک دیاری و چەپکەگوڵی بۆن خۆشیان لە



ڕێزو خۆشەویستی بۆ ئەم مرۆڤە بە
هەڵوێستەی کورد پێشکەش کردو
هەروەها هونەرمەندی شێوەکار عومەر
ڕەسووڵ تابلۆیەکی پیشانی پەشێوی دا
کەپێش 21 ساڵ دروستی کردبوو
تابلۆی سەربازی وون کە لەلای خۆی
پاراستبووی وبەهەمان شێوە لای خۆی
هەڵی گرتەوە، دواتر پەشێو بە کۆمەڵێک
شیعری پڕ لە هەڵوێست ورق لە
دەستەڵات و چەوساندنەوەی گەڵ
درێژەی بە کۆڕەکەدا، ئەمەو کۆڕەکە
دووکاتژمێری خایاند وزۆر
سەرکەوتوانە لە ڕاوەستانی ئامادەبووان
لە بەردەم پەشێوی سەروڕیش سپی ڕاوەستان بە چەند ساتێک بە چەپڵەڕێزان وکۆتای هات بەکۆڕەشیعریەکە
.